Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.2023.10308

# نواندنی پراگماتیکی کردەی قسەیی لە زمانی کوردیدا

**دارا حەمید محەمەد[1]، ئیبراهیم حسێن ئیبراهیم[2]**

1-بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان ،هەرێمی کوردستانی عێراق

2- بەشی کوردی، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان ،هەرێمی کوردستانی عێراق

**Article Info**

Received: July, 2022

Revised: July, 2022

Accepted August, 2022

**Keywords**

نواندن، پراگماتیك، کۆدی زمانیی، کردەی قسەیی، ئاوزە

**Corresponding Author**

**پوختە:**

دەربڕینەکان خاوەنی دوو جۆر نواندنن(ناوەکی ، دەرەکی)، هەردوو جۆری نواندن لەسەر بنەمای بەدەستهێنانەوەی کۆدە زمانییە گەنجکراوەکان لە ئاوەزدا دەبێت، بەوپێیە کردەی نواندن لە ئاوەزدا ڕوودەدات، سەرەتا نواندنی ناوەکی دەبێت، کاتێك ئاخێوەر لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا و بەپێی کۆزانیاریی زمانیی گەنجکراو لە ئاوەزیدا کۆدە زمانییەکان بەدەستدەهێنێتەوە بە مەبەستی بنیاتنانی ڕستە و پەیڤی پێویست بە کردەی پەیوەندیکردن، سەرەتا هەر لەئاوەزیدا گەنگەشەی دەکات(نواندنی ناوەوە) و دواتر نواندنی دەرەکی چالاك دەبێت و پەیڤ و وتنەکان دەبنە خاوەنی فۆرمی فۆنەتیکی و فۆرمی لۆجیکی، ئەم توێژینەوەیەش کە بەناونیشانی(نواندنی پراگماتیکی کردەی قسەیی لە زمانی کوردیدا)یە بەپێڕەوکردنی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی هەوڵدەدات لە دووبەشدا نواندنە پراگماتکییە ناوەکی و دەرەکییەکانی کردە قسەییەکان بخاتەڕوو.

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە، کە بەناونیشانی(نواندنی پراگماتیکی کردەی قسەیی لە زمانی کوردیدا) کار لەسەر نواندنی پراگماتیکی کردەقسەییەکان دەکات، هەڵبەت چەمکی نواندن بە واتا زمانییەکەی هەردوو جۆری نواندنی (ناوەکی ، دەرەکی) دەگرێتەوە، واتە توێژینەوەکە هەوڵدەدات نواندنە پراگماتیکییە ناوەکی و دەرەکییەکانی کردەی قسەیی بخاتەڕوو، بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی پێڕەوکراوە و پێنج جۆر کردەی قسەیی وەك سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژێردراون، کەرەستەی زمانیی توێژینەوەکە زاری ناوەڕاستە، توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکدێن بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم : تایبەتە بە نواندن و جۆرەکانی نواندن

بەشی دووەم : کردەقسەییەکان نواندنی پراگماتیکی ئەو جۆرە کردەکانە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لەکۆتاییشدا ئەنجامەکان و کورتەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو .

## بەشی یەکەم: نواندنی زمانیی و جۆرەکانی

### پاری یەکەم: چەمکی نواندن

**1-نواندن وەك زاراوە**

نواندن بەرانبەر بە (Representation)ی ئینگلیزی بەکاردێت، وەك زاراوەش لە دووبەش پێکهاتووە،(Re+ presentation )( Re) وەك پێشگرێك بە مانای (دووبارە، سەرلەنوێ) دێت **(البعلبكي،٢٠٠٦: ٧٦٢)** هەروەها بە ماناکانی(گەڕانەوە، جارێکیتر، هەروەها، دووبارە..تد). ئەو پێشگرە لە زمانی گریکی کۆندا بە مانای دووبارە هاتووە.(https://www.etymonline.com/word)

هەرچی(presentation ) لە وشەی (praesens) گریکییەوە هاتووە، کە بە واتای (ئامادە، بەردەست،

هەنوكـــــەیی) بـــــەكارهاتووە . بەیەكـــــەوەش زاراوەی (Representation) واتای نواندن دەگەیەنێت . نواندنیش بواری بەكارهێنانی زۆر و فراوانە، بۆ نموونە لە بواری هونەر و سـینەمادا مەبەسـتێك دەگەیـەنێت، لەكایـەی سـیاسی و یاسادانادا دەبێت بە نایندە...تد.

**2- نواندن وەك چەمك**

بەدەســتهێنانەوەی كــۆدە زمانییــە گــەنجكراوەكان چ بەمەبەسـتی لێكدانـەوە بێـت لـە ئـاوەزدا یـان بەمەبەسـتی پەیوەنـدیكردن بێـت لـەڕێی نوانـدنی- نـاوەكی-دەرەكی هـەوە دەبێـت، نوانـدنیش لـە بـواری زمانەوانیـدا چـەمكێكی نوێیـە و لەشەسـتەكانی سـەدەی رابـردووەوە لەلایـەن چۆمسـكییەوە و لەتیۆریی بەرهەمهێنان و گواستنەوەدا بەكارهێنرا.

نواندن پەسن و خستنەڕووی ئەو دروستە زمانییانەیە، كە بـەپێی كەرەستە زمانییـە گـەنجكراوەكان لـە فەرهـەنگی ئـاوەزی تاكدا بنیاتنراون . دروستەكان دەكرێت لەسەر ئاستی دەنگ بن یـان وشـە یـان ڕسـتە و ئینجـاش واتـا . بۆزانیـاری زیـاتر بڕوانە(**سەعید،٢٠١٩: ١١**).

بـــەبۆچوونی كریســـتال نوانـــدن (Representation ) زاراوەیەكـــە بەتایبـــەتی لـــە زمانـــەوانی بەرهەمهێنانـــدا بـەكاردەهێنرێت، ئـەوەش بـە مەبەسـتی ئامـاژەكردن بـۆ پەیوەندی هاوتایی نێوان ئاستەكانی شیكردنەوە، كە لە بنیاتی ڕستەدا دەبینرێت . نواندنی داتا زمانییەكان بەمەبەستی بنیاتنانی یەكـەی زمانییـە بـەپێی ئاستەكانی زمان، بۆنموونـە نوانـدن لـە ئاستی واتادا یان لەئاستی ڕستە یان دەنگدا (**كریستال،٢٠٠٨: ٤٣٩**).

لـە زمانەوانیـدا نوانـدن بریتییـە لـە كـردەی خسـتنەڕووی زانیارییە زمانییـەكان چ لـە ئـاوەزدا بێت وەك ئاخـاوتنی مـرۆڤ لەگـەڵ خـوودا یان دەرەكی بێت لـەكردەی پەیوەندیكردنـدا، هەرچەنـدە نوانـدن وەك زاراوە دەگەڕێتڕێتـەوە بـۆ چۆمسـكی بەڵام لەڕاستیدا باسكردنی كردەی ئاخاوتن و ڕاڤەكردنی ناوەوە و دەرەوە لە زمانەوانی نوێدا بۆ ف.دی. سۆسێر دەگەڕێتەوە لە خستنەڕووی بابەتی سیمۆلۆژیادا بەپێی بۆچوونی سۆسێر(ئەو زانایە دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت، كە هەموو یەكەیەكی زمانیی جووت قەوارەیە واتە دوو كیان لەخۆدەگرێت ، كە بـریتین لە بـیرۆكە و وێنـەی دەنـگی . لـەبازنەی ئاخاوتنـدا ئەو دوو كیـانە لەمێشـــكی مرۆڤـــدا یەكـــدەگرن. واتە هەردوو قەوارەكە لە مێشكدان . ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، كە وێنەی دەنگی قۆنـاغی فـیزیكی و بەرجەسـتەبوونی دەنـگ نییە . واتە قۆنـاغی دركاندنی دەنگەكان نییە، بەڵكو وێنەی سایكۆلۆژی دەنگەكانە و پەیوەنـدی بە كاریگەریی دەنگەكانەوەهەیە لە هەستەكان . بەمەش وێـنەی دەنـگی وێـنەیەكی هەسـتییە نەك فـیزیكی ، بەبەڵگەی ئەوەی، كە مرۆڤ زۆر جار لەگەڵ خۆیدا دئاخفێت ، بەبێ دركانـدنی هـیچ دەنگێـك . واتە وێـنە دنگییەكـان بەكاردەهێنرێت، بەبێ پێویستی بوونی دەزگای بیستن، كە ئەمە بەڵگەی ئەوەیە ئەو وێنە دەنگییانە نەچوونەتە قۆناغی فیزیكی و بەرجەستەبوونەوە) (**سۆسێر،١٩٨٨ : ٨٥**) . بەوەش سۆسێر باس لە نواندنی ناوەوە دەكات بەڵام بەبێبەكارهێنانی زاراوەی نواندن (Representation) .

## پاری دووەم: جۆرەكانی نواندن

**1 _ نواندنی ناوەكی Internal Representation**

نوانـدنی نـاوەكی كـردەیەكی نـاوەكی و نوانـدنی زانیـاری بەدەستهاتووە و نواندنی هەموو ئەو زانیارییانەیە، كە پەیوەندی بە یەكە زمانییەكـان و تــوخمە فەرهەنگییەكـانەوە هەیە لە ئاوەزی مرۆڤدا هەڵگیراون، ئاوەزیش وەک بەشێكی مێشک لە چەندین خانە و ڕیشاڵی دەماری پێكدێت و سەرجەم پێواژۆكانی زمـانی تیـادا چارەسـەردەكرێت. نوانـدنی نـاوەكی ئەو پرۆسـانە دەگـرێتەوە، كە لە ئـاوەزی مرۆڤـدایە بـۆ خسـتنەڕووی ئەو زانیارییە زمانیانەی، كە لە توخمە فەرهەنگییەكاندا هەیە، كە هەسـتەكانی مـرۆڤ كـاریگەری لەسـەر جـۆر و دەربـڕینی ئەو زانیارییانە هەیە.(زمان بەهەمهێنراوی ئاوەزە و ئاوەزیش وەک بەشێكی مێشک لە ملیۆنان ڕیشاڵی دەماری و خانەی دەماری پێكهـاتووە و مژارەكـانی زمـانی تیـادا چارەسـەردەكرێت) (**محەمەد،٢٠٢٢**).

فەرهەنـگ دروسـتە و كەرەسـتەی تـایبەت بەخـۆی هەیە، وەک چـــۆن فەرهەنـــگ مەعـــریفەی زمـــانییە تـــایبەت بە مۆرفۆلۆژی و سینتاكس و واتا، هەروەها دنیابینیی و دارشتەی سـایكۆلۆژیی و كەلتـوری و كـۆمەڵایەتی مرۆڤیشـە. بـۆ نمـونە پەیوەسـت بە فۆنۆلـۆژی، لە فەرهەنگدا دەكرێت لە چێـوەی ئەوەدا بناسرێتەوە، كە فۆنیمەكان لە ناو فەرهەنگدا بە نیشانە فۆنۆلـۆژی و فۆنەتیكییەكانیـانەوە هەڵگـیراون، كە ئەوانە بـۆ پێكهـاتەی فۆنۆلـۆژی دەبـنە كەرەسـتە و لە فـۆرمی بـڕگەدا دەنوێنرێن بەجۆرێک، كە بەپێی نیشانەكان لە فەرهەنگدا كۆت و بەنـدیان بـۆ دادەنرێت.(**محەمەد،٢٠١٦: ٩**) قسـەپێكەری زمـانەكە لە بەدەستگەیشـتنەوەی زانیارییەكانـدا دەربـڕینە فۆنۆلۆژیەكە دەكات بە فۆنەتیكی و بەپێی فۆنۆتاكتیكی زمانەكە دەریدەبڕێت، چونكە لە ئاوەزیدا یاسا فۆنۆلۆژیەكە هەڵگیراوە و لەكـاتی زمـان پڕانیـدا وەریگرتـوە، بـۆ نمـونە هەردوو نـاوی /یوسـف/ و /یـونس/ بە /ویسـف/-/ویـنس/ دەردەبڕدرێـت چونكە پێكەوە هاتنی هەردوو دەنگی /یو/ لە سەرەتای وشـەی فۆنۆلۆژی زمانی كوردیەوە بەدی ناكرێت، بۆیە ئەو دوو دەنگە دەگۆڕێـت بـۆ /وی/. بەڵام بـۆ منـداڵ ڕەنـگە دۆخەكە بە پـێچەوانەوە بێـت چـونكە فۆنۆلۆژیـانە گوێـدەگرێت بەڵام فۆنەتیكیـانە دەریـدەبڕێت، بـۆ نمـونە /ئەسـپ/-/ئەپـس/ ، /تەزبیح/-/تەحبیز/.

فەرهەنگ لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا پێڕەوێک لە فۆنیمی هەیە و بڕگەکانی پێبنیاتدەنێت بۆ یەکەی گەورەتر هەر زمانێک کۆمەڵێک مەرج و یاسا و کۆتوبەندی دیاریکراوی خستنەتەکیەکی خۆی هەیە، کە سەر بە دروستەی فۆنۆلۆژیین. بڕوانە: **(غەریب،٢٠١٩).** لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا دیسانەوە کۆمەڵێکی تر لە یاسای هەیە، کە لە ڕێگەیەوە یەکەی زمانی پێبنیاتدەنێت و دواتر لە فەرهەنگدا تۆماری دەکات، بۆنمونە فۆڕمی بۆ هەندێک زانیاری و چەمک دارشتوە، وەکو /-ەکە/ فیچەرەواتاییەکانی بریتییە لە (+ناسراوی، +تاک، +دیاریکردن، +جیاکردنەوە).

هەندێک جار توخمە فەرهەنگییەکان نیشانەی گشتێتی دەردەبڕن و پێویستە لە سینتاکسدا و لە ڕێگەی پارەفرەیز کردنەوە ئالۆزییەکانیان ڕوونبکرێنەوە، بۆ نمونە وشەی /پور/ دەربڕی زانیاریەکی گشتییە، لەبەر ئەوەی جیاکردنەوەی جۆری خزمایەتی نییە وەک ئەوەی لە /خاڵ/ و /مام/دا هەیە، بۆیە پێویستە لە سینتاکسدا و لە ڕێگەی پارەفرەیز کردنەوە ڕونبکرێتەوە، کە مەبەست لە خوشکی دایکە یان خوشکی باوک.**(محەمەد،٢٠١٦: ١٢).** هەر قسەپێکەرێکی زمانەکە، بۆئەوەی بتوانێت پەیوەندی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا دروستبکات پێویستە ئەو ڕستانەی، کە بنیادی دەنێت بەپێی یاساکانی زمانەکە بێت، بۆئەمەش سود لەو زانیارییە سینتاکسیانە وەردەگرێت، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵگیراون. (زانیارییە سینتاکسی- و واتاییەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون، ئەوەش دەستەبەری ئەوە دەکات، کە ئاخێوەری گشت زمانێک، دروستەی دروست و واتا ڕاست و پێچەوانەکەی بناسێتەوە. نواندنی زانیارییە سینتاکسیەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە دوو دیوی فەرهەنگی و سینتاکسیدا بەرجەستە دەکرێن، ئەمەش ئەوە دەردەبڕێت، ئەو ڕیزبونەی لە فەرهەنگدا دەستدەکەون، مەرج نییە پەیکاڵی هەمان ئەو سەرەوریزبونەبن، کە لە سینتاکسدا بەرچاودەکەون، چونکە یاساکانی فۆرمدارشتن Formation rules نواندنی دەرەکی زانیارییە سینتاکسیەکانن. سینتاکس دەرخستن و نواندنی زانیارییە فەرهەنگیەکانە).**(مەعروف، ٢٠١٣: ٦٦).**

## 2 _ نواندنی دەرەکی External Representation

ئەو زانیارییە زمانییانەی، کە لە قاڵبی ڕستە و گوتاردا دەردەبڕدرێت، دەبێت بە نواندنی دەرەکی، کە سەرچاوەکەی فەرهەنگی ئاوەزییە، واتە نواندنی زانیارییە ناوەکییەکانە، کە لە ئاوەزدایە. (زانیارییە سینتاکسیەکانیش پەیوەست بە ئاخێوەری زمانەوە، لە نواندنی دیوی دەرەوەی زانیاریی فەرهەنگیەوە دێت. ئەویش بەو پێیەی سینتاکس ئەو زانیارییانە دەنوێنێت و دەخاتەڕوو، کە لە فەرهەنگیی ئاوەزیی ئاخێوەری زمانەکەدا هەڵگیراون. سینتاکس و نواندنەکانی لە یاساکانی فۆرمدارشتندا، کە دەربڕینی کۆدی زمانیی، دەبێتە ڕێگایەک بۆ هاتنەدەرەوەی جۆری ئەو زانیارییەی لای قسەکەر هەیە، کە دەشێت لای گوێگر هەمان لێکدانەوە بۆ کۆدەکان بکرێت یان نا).**(مەعروف،٢٠١٤: ٩٧).** نواندنی دەرەکی ئەو ڕەفتار و چالاکیانەی مرۆڤ دەگرێتەوە، کە لە نواندنی ناوەکیەوە سەرچاوەدەگرێت، ئاوەز دروستکەری شێوازەکان و نواندنە ناوەکییەکانە، بەڵام لە ڕێگەی نواندنی دەرەکیەوە، کە بۆ نیشانەکردن و پڕکردنەوەی کەموکوڕی فەرهەنگیە، نواندنە ناوەکییەکان دەگەیەنێت بە بەرانبەر(مرۆڤ توانایەکی زگماکی هەیە بۆ نواندن، کە نواندنی ناوەکی و دەرەکی دەگرێتەوە، نواندنە ناوەکییەکان خۆی لە پرۆسە ئاوەزییەکاندا دەبینێتەوە و تێکەڵ بە هەستەکان دەبێت و بە شێوەیەک لە ئاوەزدا چەسپاوە. نواندنە دەرەکییەکانیش ئەو هەڵسوکەوت و کارانە پیشاندەدات، کە نواندنە ناوەکییەکان بەشێوەی نەخشەی دەرەکی پیشانی دەدات).**( Portugali,1996: 16)**

بۆ دروستکردنی یەکەزمانییە جیاوازەکانی هەموو ئاستەکانی زمان، سود لە فەرهەنگی ئاوەزی و ئەو زانیارییانەی ناوی وەردەگیرێت، ئەمانەش ئەوە دەردەخەن، کە (پێکهاتەی فەرهەنگ بەمەبەستی دروستکردنی کۆدی زمانیی جیاواز لە جۆری (بڕگە، وشە، فرێز)، زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناوی بە پێکهاتەکانی دیکەی زمان دەبەخشێت).**(سەعید،٢٠١٩: ١٠).** واتە دەتوانین بڵێین فەرهەنگ گەنجینەیەکە بۆ هەڵگرتنی گشت توخمە فەرهەنگییەکان، تایبەتێتییەکانیش ڕۆڵی گرنگیان لە دیاریکردنی دروستەی ئارگۆمێنتی سەرەکاندا هەیە، هەروەک کردار وەک ئارگۆمێنت_داواکەر، چەند ئارگۆمێنت هەڵاوێردەکات و چ ڕۆڵێکی سیمانتیکیش دەدات وەک لە هێڵکاری ژمارە (١)دا خراوەتەڕوو.

## 3- نواندن و ئاوەز

ئاوەز تاوەکو لە ڕێگەی زمانەوە لێینەکۆڵرێتەوە، قابیلی دەستپێگەیشتن نییە، لێکۆڵینەوە لە زمانیش جیا لە دەرکەوتە ئاوەزییەکەی، بێسود دەبێت؛ لەم ڕوانگەیەشەوە هەبوونی جۆرێک لە پەیوەندی لە نێوان تایبەتمەندییەکانی ئاوەز لەگەڵ زماندا بە سروشتی دادەنرێت. (ڤیگۆتسکی) جەخت لە ڕۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە لە باڵادەستبونی پرۆسە باڵاکانی ئاوەز (higher mental processes) و پێی وایە، کە زمان ئاڵۆزترین شێوازی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە. هەروەها (لوریا)یش بۆچوونێکی نزیک لە ڤیگۆتسکی هەیە، ئەو بە دوای ڕەگی پرۆسە ئاڵۆزەکانی ئاوەز لە قوڵایی ناخ و ڕوحی مرۆڤەکاندا ناگەڕێت، بەڵکو بنچینەکەی لە شێوازی ئاڵۆزی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدی دەکات.(وزیرنیا،١٣٧٩: ١٦٥). ئاوەز بە سەنتەری دەسەڵاتشکانەوە بەسەر سەرجەم کردەکانی جەستە و کردە و چالاکییەکانی تاک دادەنرێت.

بیکرتون، پێیوایە ئەگەر وایدانێین ئەوە مێشکە خاوەنی توانایەکی باڵایە و سەرچاوەی زیرەکی مرۆڤە، ئەو زیرەکیەش توانای ڕاڤەکردنی گەشەکردنمانی هەیە وەک مرۆڤ، هەڵەیەکی گەورەیە گەر بڵێین سەرچاوەی ئەو زیرەکییەی مرۆڤ زمانە، کەواتە زیرەکی بەرهەمی توانایەکی شاراوەیتری مێشکە.(احمد،٢٠١٩: ٨٤)لە(محەمەد،٢٠٢٢: ؟). بەمەش بیکرتون گەشەکردنی مرۆڤ بەهۆی زمانەوە ڕەتدەکاتەوە و وابەستەی توانایەکی شاراوەی دەکات لە مێشکدا لەوانە وێنە ئاوەزییەکان، وێنە ئاوەزییەکانیش توانایەکی مێشکن(وێنە ئاوەزییەکان ئەو چەمکە گشتییە بەدەستهاتوانەن، کە لە ئەنجامی ئەزموونەکانمانەوە بە مامەڵەکردن لەگەڵ دەوروبەردا پێیگەیشتوین).(حەمە کەریم ،٢٠١٥: ٧٧). بەمپێیەش ئەزمونە جەستەییەکانی ژیانی تاک و ئەو زانیارییانەی، کە لە ڕێگەی پێنج هەستەکانمانەوە وەریدەگرین دەبن بە وێنەی ئاوەزی و لە ئاوەزدا هەڵدەگیرێن و دواتریش لە ڕێگەی دەربڕاوە زمانییەکانەوە دەدەبڕدرێن. (هەر یەکە لە چۆمسکی و بیکرتون، جەخت دەکەنەوە لەسەر بوونی توانای شاراوەی زیاتر لەوەی دەبینرێت و هەستپێدەکرێت لە مێشکی مرۆڤدا، هەر ئەمەش داروینی گەیاندوەتە ئەو بڕوایەی، کە بەرهەمهێنانی زمان لەڕێگەی وابەستەکردنی دەنگ و بیر بە یەکێک لەو توانایانە دابنێت، کە مرۆڤی پێلەگیانلەبەرانی تر جیادەکرێتەوە، بەڵگەی ئەوەشە، کە توانای زیاتر لە مێشکی مرۆڤدا هەیە و دەکرێت وەک سەرچاوەی جیاوازیی لەگەڵ گیانلەبەرانیتر سەیربکرێت. ئەو توانایانەش لە سیستەمی دەماری و پێکهاتەی مێشک و ئاوەزی مرۆڤدان. بە بۆچونی(ئۆبلەر و جیرلۆ)ئەوەی مەبەستی زمانەوانی بێت لە سیستەمی دەماریدا پەیوەندییە ناوەنجییەکان و ڕێگاکانی پەیوەندیکردنی پێکهاتە و ناوچە جیاوازەکانی ناوەوەی هەردوو نیوەگۆی مێشکە، هەروەها پەیوەندی نێوان مێشک و جەستەی مرۆڤ لەڕێی سیستەمی دەمارییەوە).(محەمەد،٢٠٢٢: ؟). سیستەمی دەماری مرۆڤیش لە چەند بەشێکی سەرەکی پێکدێت و بەرهەمهێنەری زمانی مرۆڤن و سەرجەم چالاکی و کردار و ئاخاوتنیش لەژێر کۆنترۆڵیدایە. کۆئەندامی دەمار لەلای مرۆڤ لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتوە کە بریتییەلە:

**یەکەم:** چێوە کۆئەندامی دەمار ( Peripheral Nervous System):

چێوە کۆئەندامی دەمار لە: کاسە دەمار(Cranial) و دڕکە دەمار(Spinal) پێکدێت. ئەرکی ئەم دوو بەشەی چێوە کۆئەندامی دەمار بریتییەلە: گواستنەوەی زانیارییە هەستییەکانە لەبەشەکانی لەشی مرۆڤ بۆ مێشک، بەپێچەوانەشەوە گواستنەوەی زانیارییە جوڵەییەکانە لە مێشکەوە بۆ ماسولکەکانی لەش.

**دووەم:** کۆئەندامی دەماری ناوەند ( Central Nervous System):

کۆئەندامی دەماری ناوەندیش پێکدێت لە: مێشک (Brain) و دڕکە پەتك (Spinal cord):

(أ)- دڕکە پەتك (Spinal cord) : ئەم بەشەی کۆئەندامی دەماری ناوەند بەدرێژکراوە و تەواوکەری مێشک دادەنرێت، دەکەوێتە ناو بڕبڕەی پشت. لەڕووی پێکهاتەو ئەرکدا دڕکە پەتك سادە و ساکارترە لەمێشک، ئەرکی سەرەکی پاراستنی لەشە لەڕێگای هەڵسان و بەئاکام گەیاندنی ژمارەیەك لە پەرچەکردار، سەرەڕای بەشدار بوون و هاوکاریکردنی دەماخ لە بەئاکام گەیاندنی هەندێك جوڵە و چالاکی بەمەبەست، واتە دڕکە پەتك ناوەندێکە لەنێوان مێشک و ئەندامەکانی تری لەشی مرۆڤدا.

(ب) مێشک (Brain)[1]: مێشک بە مەڵبەندی ڕێکخستنی وەڵامدانەوە خۆویست و خۆییەکانی وریاکەرەوە هەستییەکان دادەنرێت، لەناویدا مەڵبەندی کۆنترۆڵی کرداری هەناسەدان وگواستنەوەی مادەکان لەناو لەشدا هەیە، سەرەڕای مەڵبەندەکانی کۆنترۆڵی جوڵە خۆویستەکان و ناوچە هەستییەکان وەك: بینین و بیستن... هتد. دەماخ بەپەیوەندییە زۆرە هەمەچەشنەکان و تۆێکاری فەرمانە جۆربەجۆرەکانییەوە دەناسرێتەوە لەنێوان بەشە جیاوازەکانییدا.(دزەیی و ئەوانیتر،٢٠١٣: ٣٧).

ئاوەز لەژێر خانە بێکۆتاییەکانی مێشکەوە دروست دەبێت و بەرهەمی ئەو پرۆسانەیە، کە لە مێشکماندا لە نێوان دەمارەکان و پەیوەندیەکانیاندا سەرهەڵدەدات و بە پێچەوانەی مێشکەوە کە بەشێکی بەرجەستەی بوونی مرۆڤە، ئاوەز بونێکی بەرجەستەی نییە و تەنیا تێگەیشتن و چەمکە. ئەم دەفرە چەمکییە، بەش و پێکهاتەکان لە ناواخنی خۆیدا هەڵدەگرێت، کە دەبێتە هۆی دارشتنی ئاوەزمەندێتی ئێمە. ئەگەر بەوردی سەرنج بدەین دەبینین بە زانینی ئەوەی، کە ئاوەز چییە، دەتوانین کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی مێشکمان دروستبکەین.

ئاوەزی مرۆڤ لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە لە سێ بەش پێکهاتووە، (سیگمۆند فرۆید) پێیوایە ئاوەزی مرۆڤ لە سێ بەشی لۆژیکی و چەمکیی، کە لە دەروونی خودئاگا و نیمچە خودئاگا و نائاگایی دروستبوە، هەریەکەیان لە ئاوەزدا کردار و پرۆسەی جیاواز و تایبەت بەخۆیان ئەنجام دەدەن. بەرزترین بەشی هۆشیاریمان، کە دەروونی خودئاگیە بەرپرسیارە لە شیکردنەوەی زانیاری و تێکردنەکانی ئاوەز و هەمیشە بەو

[1] لە سەرچاوەکەدا بەرانبەر بە وشەی (Brain) وشەی (دەماغ) بەکارهێنراوە، بەڵام لە زۆربەی سەرچاوە زانستیەکاندا بە (مێشک) دانراوە، بۆیە ئێمەش ئەم وشەیە زیاتر بە گونجاوتر دەزانین.

لۆژیکەی، کە هەیەتی بەدوای هۆکاردا دەگەڕێت بۆ هۆکاری ڕوداوەکان. کاتێکیش باس لە ناخودئاگا دەکەین مەبەستمان کۆمەڵێک پرۆسەی دەروونیی خودئاگایی و ناخودئاگایە، ناخودئاگایی بە گرنگترین بەش و نیشاندەری ئاوەزی مرۆڤ دادەنرێت، کە بەرپرسیاری هەناسەدانمان، هەموو ئەو میکانیزمانەی پەیوەستن بە مانەوە و ژیانمان لەم گەردوونەدا بە تەواوی لە ژێر دەسەڵاتی ناخودئاگادایە بۆیە بە شوێنێکی فراوان و سەرچاوەیەکی بێکۆتا دادەنرێت. mahdikhanideh.com/what-is-the-mind .

تەواوی ئەو ناوەڕۆک و فۆرمانەی، کە مەعریفەی مرۆڤ پێکدەهێنن، لە ڕێگەی پێنج هەستەکەمانەوە وەک تێکردە دێنە ناوەوە، ئێمە لە ڕێگەی هەستەکانی ،بینین، بیستن، هەستکردن، بۆن و تامکردنەوە، تێدەگەین ڕەنگ و بۆن بە جیهانی دەوروبەرمان دەبەخشین. کەواتە هەستەکانمان پێنج کەناڵی تێکردنن، کە زانیاری و ناوەڕۆکی ئاوەزن. ئەم ناوەڕۆکانە، کە بە بابەتی ئاوەزی ناودەبرێت تۆخمە سەرەکییەکانی پێکهاتەی ئاوەزی هەموو مرۆڤێکن. کاتێک باس لە ئاوەزمەندێتی دەکەین مەبەستمان هەمان ئەو بابەتانەیە، کە لەسەر بنەمای هەر پێنج هەستەکەمان بە دەستمان هێناوە.

مێشک لە بنچینەدا جۆرێکە لە سیستەمی پرۆسەکردنی تەریب وەک زانای دەروونناسی بەریتانی (سوزان بلاکمۆر) ئاماژەی بۆ دەکات، هیچ شوێنێک نییە، کە بڕیارەکانی لێوە دەربکرێت. ئەوەی کە "مێشک سەرکردەی ئۆرگانەکانی جەستەمانە" لێکدانەوەیەکی ڕاست نییە، بەپێچەوانەوە بەشە جیاوازەکانی مێشک هەریەکەیان کاری خۆیان دەکەن و لەکاتی پێویستدا پەیوەندی لە نێوان یەکتریدا دەکەن وهیچ کۆنترۆڵێکی ناوەندیش بوونی نییە

**هێڵکاری ژمارە (١)**




**سەرچاوەی هێڵکاری (سەعید،٢٠١٩: ١٠)**

ئاستی فۆنۆلۆژی وەک پێکهاتەیەک لە ڕێزمانـدایە و بە خستنەتەکیەی فۆنیمەکان یەکەی گەورەتری وەکو برگەکان بنیاتدەنێت و ئەو زانیارییانە دەنوێنێت، کە لە ناو فەرهەنگی هەر زمانێکدا هەڵگیراون.(مۆرفۆلۆژیش پەیوەست بە سیستەمی زمانەوە دارشتەی فەرهەنگیی مۆرفیمی دارشتن و بناغەکەی بە جۆرێک دەنوێنێت، کە لەسەرەو ڕیزبوون و پارامیتەری مۆرفۆلۆژیانەی مۆرفێم و بناغەکەیدا بگونجێت).**(مەعروف،٢٠١٤: ٩٥)**. بۆیە پێشبینی دەکرێت یاسای مۆرفۆلۆژی ناوەکی فەرهەنگیی پەیکاڵی یاسای مۆرفۆلۆژی ڕووکەشی نەبێت، کە نواندنەکەیەتی، بۆیە دەکرێت پاشگر و پێشگرەکان جۆرێکبن لە سەری ڕێزمانی و جۆرێکیش بن لە دەسەڵاتی واتایی و دروستەیی فۆرمە تازە دروستبووەکان و کاریگەریشیان لەسەر دەرکردە واتاییەکان هەبێت، چونکە لەڕووی سیمانتیکیەوە دەسەڵاتداریی بەرەو لای پاشگر رادەکێشرێت، بەمەش پاشگر شوێنی سەرە دەگرێتەوە.(سەرە پلەیەکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەی ڕێزمانییە هەروەها دەسەڵاتیشی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتوەکانی خۆی هەیە و لە ژمارەشدا لەگەڵیاندا ڕێکدەکەوێت)**(قادر،٢٠٠٩: ٣١)**.

بڕوانە **نموونەی (١)**

**أ_ /ەکە/ + منداڵ ــ منداڵەکە**

**ب_ /ێک/+ منداڵ ــ منداڵێک**

وەک لە نموونەی (١) دا دەردەکەوێت، مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکە دەکەونە کۆتاییەوە و واتایەکی سینتاکسی دەبەخشن و لە نموونەی (١-أ)دا واتای دیاریکردن، ناسراوی، جیاکردنەوەی بەخشیوە بە ناوی منداڵ و لە نمونەی (١-ب)دا واتای ژمارە و نەناسراوی بەخشیوە بە ناوی منداڵ. ئەمانەش دەبن بە فریزی دیارخەری، کە جۆرێکە لە فریزی ئەرکی (فریزی ئەرکی ئەو فریزانەن، کە سەرەی فریزەکانیان نیشانە یان ئامرازەکانن).**(محەمەد،٢٠١٢: ٤١)** ئەم زانیارییە سینتاکسیانەی، کە لە مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکاندا هەڵگیراون، لە فەرهەنگدان بەڵام لە پێکهاتەی سینتاکسدا لە قالبی فریز و ڕستەکاندا دەنوێنرێت و نواندێکی دەرەکی پێدەبەخشێت. سەرەوریزبونی سەرەکانیش بەپێی جۆری تایبەتمەندی زمانەکان دەگۆڕێت، بۆ نمونە بۆ زمانەکانی عارەبی و ئینگلیز نیشانە ناسراویەکانیان دەکەوێت سەرەتاوە (الولد، the boy) ، بەڵام بۆ زمانی کوردی وەکو لەسەرەوە ئاماژەی پێدرا، دەچنە کۆتایی وشەکەوە و وەک سەرێکی ڕێزمانی لە کۆتاییەوە دەردەکەون و لە ڕوی سینتاکس و واتاییەوە باڵادەستی خۆیان دەنوێنن.

فەرهەنگی زمان ڕێگەپێدانی مۆرفۆلۆژی بۆ هەموو پرۆسەیەکی خستنەتەکیەک دەستەبەر ناکات، بەڵکو فەرهەنگ سێتێک کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکی هەیە، وەک پاڵێوەر گۆدەکەن و تەنها ڕێگە بە هاتنەناوەوەی ئەو وشانە دەدەن، کە فۆنۆلۆژییانە فۆرمدروستن. بەرلەوەی وشە

دانراوەکان بتوانن بچنە فەرهەنگەوە، پێویستە دەنگەکانیان بەو جۆرەی لە زمانەکەدا ڕێپێدراون بخرێنەتەکیەک. بۆ نموونە دەرکەوتنی دەنگی بزوێن لەسەرەتای بڕگەوە یان پێکەوەهاتنی دوو دەنگیی بزوێنی وەکو (ئیە) ڕاستەخۆ ڕەتدەکرێنەوە، چونکە لە پێڕەوی فۆنۆتاکتیکی زمانی کوردیدا، دەرکەوتنی دەنگی بزوێنی سەرەتای بڕگە و بەدوایەکداهاتنی دوو بزوێن ڕێپێدراونین. (مۆرفێم و وشەکان پێش ئەوەی بچنە فەرهەنگەوە پابەندی دوو مەرج دەبن (أ) یاساکانی وشە دروستکردن، (ب) پاڵێوەری پشکنین_ فلتەری چێککردنەوە. ئەوەی پێویستە بگوترێت، مەرجی یەکەم بەتەنها سەنگی مەحەک نییە بۆ ئەوەی دەرکەردەی پرۆسەکە وەک توخمێکی فەرهەنگیی پەسەندبکرێت، بەڵکو دەبێت مەرجی دووەمیش بەسەریدا جێبەجێبکرێت ئینجا پێشبینی لیستکردنی بۆ دەکرێت. بۆنموونە فۆرمێکی وەک /بەفرۆکە/ لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمی داڕشتنەکەی دروست و یاسابەندە بەڵام پاڵێوەرەکە بە هۆی هەبوونی وشەی/پروشە/وە، ڕێگەدانی مۆرفۆلۆژیی بۆ فۆرمەکە بلۆکدەکات).**(سەعید،٢٠١٩: ٤)**. کەواتە مۆفۆلۆژی فۆرمی نوێ بەرهەمدەهێنێت بۆ دەستکەوتنی واتای نوێ، واتە ئەو فۆرمەی دروستی دەکات بەهیچ شێوەیەک لە فەرهەنگدا بەدی ناکرێت.

ڕێزمان هەرسێ پێکهاتەی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس دەگرێتەوە و خاوەنی ڕێسا و کەرەستەی تایبەت بە خۆیانن ، کەرەستەکان لە فەرهەنگیی ئاوەزیەوە وەردەگیرێن و بەهۆی یاساکانی ئەو ئاستە جیاوازانەوە، کەرەستەی جیاوازیان لێبەرهەمدەهێنرێت، کەواتە زانیارییە هەڵگیراوەکانی ناو توخمە فەرهەنگییەکان لە ڕێگەی ئەو ئاستانەوە دەنوێنرێن. (فەرهەنگ خاوەنی یاسا و ڕیسا و کەرەستەی خۆیەتی، ئەوەش ئەوە دەردەبڕێت، ئاستی فەرهەنگیی خاوەنی ڕیزبوون و نواندنی تایبەت بە خۆیەتی و ئەوانە دەبن بە ڕێسا بۆ نواندنە فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکان).**(مەعروف،٢٠١٦: ٣٠١)**. بڕگەکان دروستکراوی ئاستی فۆنۆلۆژین، بۆیە لە ڕێگەیانەوە سەرجەم نیشانە و زانیاریی و فیچەرەکانی فۆنیمەکان دەردەخرێن. ئەمەش بەو واتایە دێت، کە زانیارییەکان لەگەڵ فۆنیمەکاندا لە فەرهەنگی ئاوەزیدا هەڵگیراون و بەهۆی نواندنی فۆنۆلۆژییەوە دەردەبڕدرێن. زۆر جاریش گۆڕان لەو دەنگاندا ڕوودەدات، کە دەبڕینەکانیان نزیکن لەیەکەوە و دەبن بە ئەلەفۆنی یەکتری.

## بەشی دووەم: نواندنی پراگماتیکی کردەی قسەیی

## پاری یەکەم: پوختەیەکی پراگماتیک و تیۆریی کردە قسەییەکان

### 1- پراگماتیک

پراگماتیک لەزمانەوانیدا چەمکێکی تازەیە، زاراوەکەی یەکەم جار لەلایەن فەیلەسوف (چارلز مۆریس)ەوە، لەساڵی (١٩٣٨)دا بەکارهاتووە، دواتریش هەریەکە لە زانایان (لوک و پێرس) گرنگیان بە تازەکردنەوەی زانستی هێما داوە، ئەم زاراوەیە لەوشەی پراگما (Pragma)ی گریکی وەرگیراوە، کە بەواتای کارکردن یاخود پراکتیزەکردن دێت.**(Levinson,1997: 1)** لەسەرەتادا بەشێوەیەکی فراوان بەکاردەهات و زۆر بابەت و بواری جیاوازی لەخۆدەگرت، وەک: (زانستە کۆمەڵایەتییەکان، زانستە بایەلۆجییەکان، ....هتد)، بەڵام لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا، زیاتر لەبواری زمانەوانیدا جێگیر بوو. زانستی پراگماتیکی سنورێکی دیاریکراوی نییە و لەگۆشەنیگای جیاوازەوە سەیر دەکرێت، بۆیە ژمارەیەکی زۆر پێناسە بۆ پراگماتیک کراوە. لێرەشدا هەندێک لە پێناسەکان دەخەینەڕوو :

- محەمەد مەعروف فەتاح دەڵێت: (پراگماتیک لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایەیە، کە ناوێزەیی و ناپەسندییان پێوە دیارە). **(فتاح: ٢٠١١: ١٨٨)**.
- سەلام ناوخۆش دەڵێت: (پراگماتیک بەواتایی ڕاڤەکردن و لێکدانەوە و تەئویلی دەق و گوتار دێت، یان پراگماتیک بەواتایی دیراسەکردنی کاریگەرییەکانی دەوروبەرە لەسەر دەق و گوتار و واتا). **(ناوخۆش،٢٠١٠: ٦١)**.

جۆرج یول دەڵێت: (مەبەستناسی تاوتوێکردنی واتایە، ئەو واتایەی لەلایەن قسەکەر یان (نوسەر)ەوە لێکدەدرێتەوە. هەربۆیە مەبەستناسی زیاتر بە مەبەستی شیکردنەوەی کەسەکانەوە خەریک دەبێت، نەک بە وشە یان ئەو دەستەواژانە کە بەکاریاندێنن. مەبەستناسی تاوتوێکردنی مەبەستی قسەکەرە). **(یول،٢٠١٦: ١٨)**.

لە دیارترین پێناسەی پراگماتیکیش بریتییە لە(زمان لە بەکارهێناندا). بەگشتی دەتوانین بڵێین پراگماتیک بریتییە لە پەیوەندی لە نێوان زمان لەگەڵ دەوروبەردا، ئەمەش بەکارهێنانی زمان دەگرێتەوە، کەواتە قسەکەر و ئەو دەوروبەرەی تیایدا قسەکردنەکە ڕوودەدات لەگەڵ کات و شوێن کاریگەرییان لەسەر واتای دەربڕاوەکە هەیە. گرنگی و دەرکەتنی پراگماتیک زیاتر بەستراوەتەوە بە دەوروبەرەوە و چۆنیەتی بەکارهێنانی زمانە بۆ ئەو مەبەستەی، کە قسەکەر دەیەوێت بیگەیەنێت، بەشێوەیەک قسەکەر بتوانێت زانیارییە شاراوەکانی بیر و ئاوەزی بەهۆی کەرەسە زمانییەکان بگەێنێتە گوێگر.(پراگماتیک لەم ساڵانەی دوایدا بابەتێکی زمانەوانی و پڕبایەخی پێکهێنا، دوای ئەوەی سەرەتا وەک سەبەتەی خۆڵ و خاشاک (waste basket) سەیردەکرا. بەو سەبەتەیە دەچوێنرا، چونکە ئەو سەبەتەیە هەرشتێک زیاد بێت یان بەکەڵک نەیەت، فڕێدەدرێتە ناویەوە، ئاواش لە پراگماتیک

دەڕوانرا، چـونکە بۆچونیـان وابـوو، کە هەرشـتێک لە زمانـدا لێکــدانەوەی بــۆ نەکرێتـــدەخرێتە نــاو پراگمـــاتیکەوە) **(محەمەد،٢٠١٢: ٤٤).** لەسەرەتادا بەپێی پێویست گرنگی بە پراگماتیک نەدەدرا، بەڵام دواتر کاتێک کە زانایان لێکۆڵینەوەی زیاتریان ئەنجامدا لە بـوارە جیاوازەکاندا تـوانی وەکـو ئاسـتێکی گرنگی زمان خۆی بنوێنێت.

پراگماتیــک لەواتــایی قســەکەر و گــوێگر دەکــۆڵێتەوە، بەواتایەکی تر پراگماتیک لەو واتایە دەکۆڵێتەوە، کەپەیوەستە بەدەوروبەر و کەلتـور و کۆمەڵگاو زانیـاری هـاوبەشی نێـوان قسەکەر و گوێگر و کات و شـوێنەوە و گرنگی بەزمانی ڕۆژانەی خەڵـکی دەدات و دەروونی تـاک و لایەنی کـۆمەڵایەتی بەهەنـد وەردەگرێـت، لەدەروازەی پراگمـاتیکەوە دەکرێـت لەدیـاردە کۆمەڵایەتییـەکانەوە بـدوێین، بەهـۆی کردەکـانی ئاخـاوتنەوە دەکرێـــت (پـــلەی کـــۆمەڵایەتی، تەمەن، ڕەگەز، ئاســـتی ڕۆشـــنبیری)ی قســـەکەر دیاریبکرێـــت. کەواتە پراگماتیــک بەسـتنەوەی زمـانە بەدیـاردە کۆمەڵایەتییـەکان و دەوروبەرو بەکارهێنانەوە. پراگماتیک سـودی خـۆی هەیە و لە زۆر بـواری زمانەوانیدا بەکاردێت.(پراگماتیـک گەلێـک کێشـەی چارەسـەر کردووە و گەلێ سودی بۆ بواری زمانەوانی بەگشتی و پرۆسـەی تێگەیشـتن بەتـایبەتی هەیە، لەوانە: پراگماتیـک وزەپـارێز و ئابووریکردنە لەزمانـدا، چـونکە بە کەرەسـەیەکی کەم واتـایەکی زۆر دەبەخشێ، پراگماتیک بوار بۆ قسەکەر دەڕەخسێنێ تاکو لەقســـەکانی خـــۆی پاشـــگەزبێتەوە. پراگماتیــک پرۆســـەی تێگەیشـتن ئاسـان دەکـات و پەیوەنـدی نێـوان قســەکەر و گــوێگریش بەهــێز دەکــات، چــونکە هەمــوو ئەو واتایــانە لێکـــــــدەداتەوە، کە بەســـــــێمانتیک و ڕێزمـــــــان لێکنەدەدرانەوە).**(ڕەسوڵ،٢٠١٣: ٩٤).**

(چارلس مۆریس) لە کتێبی (زانستی هێما. semiotics)دا، سێ ئاست دەستنیشاندەکات:

1.ڕستەسازی: پەیوەندیی هێماکانە لەناو خۆیاندا.

2ــ ســـێمانتیک: پەیوەنـــدیی نێـــوان هێمـاکـــانە بە هێمـــا بۆکراوەکانەوە.

3ــ پراگماتیـــک: بـــریتییە لەپەیوەنـــدیی نێـــوان هێمـــا و بەکارهێنەرەکەی لەدەوروبەردا. **(فتاح،٢٠١١: ١٨٤).**

زمـان لای سـیرل، گوزارشـتکردنە لەبـاری کـردەیی، وتـن لەخۆیـــدا دەتـــوانرێ بەوە بنـــاسرێ، کە کـــردەیەکە یـــان هەڵسـوکەوتێکە، ئۆسـتن وای دەبیـنێ، کە زۆربەی ڕسـتەکان، جگە لەڕستەی پرسیاری، فەرمانی، سەرسورمان، وەسفی هیچ شـتیک نـاکەن، نـاتوانن بڕیـاری بەسـەردابدەن بەڕاسـتی یـان ناراستی. مرۆڤ بیر و مەبەستەکەی دەگەیەنێت بە بەرانبەر لە ڕێگەی زمانەوە و بەو شریتە دەنگیەی دەریدەبڕێت، لەگەڵ ئەو دەربڕینەشـــدا کـــردەیی قســـەییش ئەنجامـــدەدات (ئەو کـردانەی لە ڕیـگەی گوتنەکـانەوە ڕادەپەڕێـنرێن بە گشـتی بە کردەی قسەیی ناودەبرێن).**(یوڵ،٢٠١٦: ٨٣).**

## 2- پوختەیەکی تیۆریی کردە قسەییەکان

تیۆری کردە قسەییەکان (Speech act) سەرەتا لەشێوەی پرسـیارێک، لای زمانـەوانی ئینگلیـزی (ج. ئۆسـتن- John Austin)دا، گەڵاڵەبـوو، پرسـیارەکەش بـریتی بـوو لە (چـۆن بە قسـە، کـردار ئەنجامبـدەین). دواتـر ئەم بـیرۆکەیە لەسـاڵی (١٩٥٨)دا، بۆ یەکەمجار لە کۆنگرەیەکی زمانەوانیدا لەشاری (ڕۆیەمۆنـت)ی فەرەنسـیدا بەسـترابوو، باسـکرا، پـاش مـردنی ئۆســـتینیش لە ســـاڵی (١٩٦٢) لەشـــێوەی کتێبێـــک بڵاوکـــرایەوە.**(توفیـــق،١٩٩٥: ٣٨).** نـــاوەڕۆکی تیـــۆری کردەقسـەییەکان بـریتییە لەوەی هەمـوو گوتنێـک ئەنجامـدانی کارێکە و ئەم تیـۆرە وا لە زمـان دەڕوانێـت، کە کـردەی جیـاواز لەیەک کاتـدا ئەنجـام دەدات، ئـاخێوەر کاتێـک دەئاخفێـت یەکێک لەم کردانە ئەنجام دەدات(هەواڵگیاندن، فەرماندان، پەیمانـدان، سـوپاس کردن...تـد). ئۆسـتن پـێی وابـوو، ئـێمە لەواتـایی کردارێـک نـاگەین، هەتـا ئەو کـردەیە، بەشـێوەی کردەوەیەک نەبینین، بۆ نمونە ئەگەر سەیری ڕستەیەکی وەک ئەمەی خوارەوە بکەین:

**نمونەی(١٥)** سوپاست دەکەم، فریامکەوتی.

دەبینـــین، لەم ڕســـتەیە دا لەپـاڵ گەیانـــدنی هـــەواڵێك کردارێکیش ئەنجامدراوە، چونکە ڕستەکە سوپاسگوزارییە، و لەهەمان کاتیشدا، ئەنجامدانی کردارەکەشی لەگەڵیدایە، واتە گوتنەکەو کارەکە بەیەکەوە ئەنجامدراوە. ئەم ڕستەیە بەپێی دەوروبەری جیاوازەوە، چەند واتایەک دەگەیەنێت بۆ نمونە ئەگەر خوێنـدکارێک بەخوێنـدکارێکی تـر بڵێـت، ئەوا ئەو واتایانەی خوارەوە دەگەیەنێت:

ا. یارمەتیداوە لە تاقیکردنەوە.

ب . یارمەتیداوە لەتێگەیشتنی بابەتێك.

پ . ڕاستییەکی زانیوە، بەڵام بە مامۆستا یان بەباوکی نەوتووە. **(محەمەد،٢٠١٢: ٥٣).** بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیەی سەرەوە، پزیشـکێک بە پزیشـکێکی تـر بڵێـت، یـان منـداڵیک بە دایـکی وتبێت، ئەوا چەندین واتایی تر دەگەیەنێت.

زمـان لای سـیرل، گوزارشـتکردنە لەبـاری کـردەیی، وتـن لەخۆیـــدا دەتـــوانرێ بەوە بنـــاسرێ، کە کـــردەیەکە یـــان هەڵسـوکەوتێکە، ئۆسـتن وای دەبیـنێ، کە زۆربەی ڕسـتەکان، جگە لەڕستەی پرسیاری، فەرمانی، سەرسورمان، وەسفی هیچ شـتیک نـاکەن، نـاتوانن بڕیـاری بەسـەردابدەن بەڕاسـتی یـان ناراستی. مرۆڤ بیر و مەبەستەکەی دەگەیەنێت بە بەرانبەر لە ڕێگەی زمانەوە و بەو شریتە دەنگیەی دەریدەبڕێت، لەگەڵ ئەو دەربڕینەشـــدا کـــردەیی قســـەییش ئەنجامـــدەدات (ئەو کـردانەی لە ڕیـگەی گوتنەکـانەوە ڕادەپەڕێـنرێن بە گشـتی بە

کردەی قسەیی ناودەبرێن)**(یول،٢٠١٦: ٨٣)**. کردەقسەییەکان چەند پۆلێنێکی جیاوازی بۆ کراوە، سەرەتا دامەزرێنەری تیۆرییەکە(ئۆستن) بەم شێوەیە کردەقسەییەکانی پۆلێن کردوە (کردەی قسەیی بڕیاردان Verdictives ، کردەی قسەیی داخوازی Exertives ، کردەی قسەیی پەیوەست Commissives ، کردەی قسەیی ڕەفتار Behabitives، کردەی قسەیی گفتوگۆ Expositive)**(تۆفیق،١٩٩٥: ٥٤)**. دواتریش ژمارەیەکی زۆر لە زمانەوانانی فەلسەفەی زمان چەندین پۆلێنیان بۆ کردەقسەییەکان کردوە، لە نێوانیاندا (سرێل، ڤاندرڤێکین، لیچ، فریزر...تد) دەتوانین بڵێین پۆلێنکردنەکەی (سرێل) لە هەموویان پوختتر و تەواوتر و سەرکەوتوترە چونکە (پشت بە هێزی ڕەوانبێژی کردەکان دەبەستێت و کردەکان وابەستەدەکان بە واقیعەوە، یان بە پێچەوانەوە لە هەردوو حاڵەتیشدا توانای وتنەکان دەخاتە ڕوو لە پیشاندانی واقیعدا، کە ئەمە ئەرکی کردەقسەییەکانە). **(محەمەد،٢٠١٢: ١٠٢)**.

### 3- تیۆریی کۆزانیای و پراگماتیک

پراگماتیک بریتییە لە هونەری پەیوەندیکردن بە هەموو شێوەکانییەوە. پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە مێشکەوە هەیە و لە ژێر فەرمانی دایە. سەرهەڵدانی پراگماتیک هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی زانستێکی ئاوەزیی مۆدێرن ئەویش تیۆری کۆزانیاری (زانستی مەعریفی) بوو، بەم شێوەیە پراگماتیک چووە ناو زانستە مەعریفییەکانەوە، چونکە ئەمیش لەسەر کارکردنی مێشک بنیات نراوە؛ بۆیە پێویستە تیۆری مەعریفی و پراگماتیک و پەیوەندیان بە مێشکەوە بزانین. زانایانی پراگماتیک بەو بنەما ورد و پوختانەی دایاننابوو، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو لە تێگەیشتن لە واقیعی پراگماتیکی پەیوەندیکردن لە مێشکی خۆیاندا، هەروەها لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چی لە پشت پەردەی زانیارییەکانەوەیە دەربارەی خۆمان هەیە ئێمە نایزانین. ئێمە دەست دەکەین بە ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی شاراوەی کاری سیستەمی دەمارمان. (لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان ئاراستەیەکی مەعریفی وەرگرتووە، بە تایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدانی کارەکانی (سپیربر و ویڵسن)، کە بە پراگماتیکی مەعریفی ناو دەبرێت و لە ئاراستەکان و تەسەوری (فۆدۆر) دەربارەی میکانیزمی پرۆسێسکردنی ئاوەزی زانیارییە زمانییەکان لە قاڵبە مەعریفییە جیاکارەکان، سوودیان وەرگرتووە)**(ئیسماعیل،٢٠١٥: ١١١)**.

سەبارەت بە پەیوەندی پراگماتیک بە زانستی مەعریفیەوە (پراگماتیک لە خاڵێکدا لەگەڵ زانستی مەعریفیدا یەکدەگرێتەوە ئەویش بریتییە لە کارکردنی مێشک (اشتغال الدماغ)، کاری سەرەکی هەریەکەیان کارکردنە لەسەر مێشک. زانستە مەعریفییەکان هەموو ئەو زانستانە دەگرێتەوە، کە مێشک تیایاندا کاردەکات. موشلار دەڵێت : ئامانجی زانستە مەعریفییەکان کارکردنە لەسەر ڕاگەیاندنی چۆنییەتی کارکردنی ئاوەزی مرۆڤایەتی. دەگەڕێت بە دوای چۆنییەتی کارکردنی مێشکدا. بە هەمان شێوە پراگماتیکیش مێشک بەکاردەهێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە سەرەکییەکەی، کە بریتییە لە پەیوەندی و هاوکاری نێوان مرۆڤەکان، کە شتێکە تەنها لە ڕێگەی بیرکردنەوە و پەیوەندی لەگەڵ ئەوانی تردا دەتوانێت ڕووبدات، لەسەر بنەمای سەرقاڵبوونی مێشک لەم کارەدا دامەزراوە)**(احمد،٢٠٢٠: ٧٣)**. دەرکەوتنی ئەم دوو زانستە لەیەک کاتدا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی یەک ئامانجی هاوبەشیان هەیە و پێکەوە نوێنەرایەتی بیری زانایانی ئەو سەردەمە دەکەن، کە کارکردنی مێشکە لە پرسەکانی زانست و گەیاندندا. موشلار ئاماژە بە مێژووی سەرهەڵدانی ئەو دوو تیۆرییە پێکەوە دەکات و دەڵێت:"بەراوردی سەرهەڵدانی زانستی مەعریفی هاوکاتە لەگەڵ بەراوردی سەرهەڵدانی پراگماتیک" ئۆستن لێکۆڵینەوەی لە بابەتەکانی ویلیام جەیمسدا کرد لە ساڵی ١٩٥٥ی زایینیدا و دواتر لە ساڵی ١٩٥٦دا چەند توێژینەوەیەکی گرنگی زانستی بڵاوکردەوە، کە ڕۆڵیان هەبوو لە سەرهەڵدانی زانستە مەعریفییەکان**(روبول و موشلار،٢٠٠٣: ٥١)**.

موشلار وایدەبینێت بۆچوونەکانی گرایس و سیرل ئەوە پیشاندەدەن ئەو مەرجانەی، کە دەبێت لە پراگماتیکدا جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی لە زانستە مەعریفیەکاندا جێگیر بکرێن، پراگماتیک وەک تیۆرێک وەسف دەکات و گرنگی بە لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان دەدات، ئەمیش پرۆسەیەکی ئاوەزییە، لەبەر ئەم هۆکارەیە دەکەوێتە ناو زانستە مەعریفیەکانەوە، لێرەشدا ئامانجی گەورەی پراگماتیک دەردەکەوێت، کە بریتییە لە لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان. بەگشتی ئەگەرسەیری ئەو مەرجانە بکەین، دەبینین لە دەوری پرۆسە ئاوەزییەکان دەسوڕێنەوە، کە لەناو مێشک و لە ڕێگەی مێشکەوە ڕوودەدەن. ئەمەش وای لێدەکات بکەوێتە چوارچێوەی ئەو زانستانەی کار لەسەر مێشک دەکەن و لە پێکهاتەی دەمارەوە (مێشک) سەرچاوە دەگرن، بۆیە پراگماتیک لە ناو زانستە مەعریفییەکاندا جێگیرکراوە. (یەکە تایبەتییەکانی ناو مێشکی مرۆڤ تاکەکەسییە و پەیوەستە بە بیر و هۆش و درک و ئەزموون و سەلیقەی خودی کەسەکەوە، خۆویستانە سەرپشکە لە چۆنییەتی لێکدان و بەکۆدکردنی ئەو یەکانە بەهۆی توانستە گشتییەکەییەوە، کە بۆ زمان هەیەتی، چونکە چەمک؛ کۆی گشتی ئەو زانینەیە، کە وشەیەک هەیەتی و لە مێشکدا هەڵگیراوە) .**(فەتح الله و حەسەن،٢٠١٧: ٥٦)**. تیورییە پراگماتیکیەکان پشکنین لە پەیوەندی نێوان پراگماتیك و فەرهەنگی ئاوەزی، پراگماتیك و سینتاکس، پراگماتیك و فۆنۆلوژی (هێز، ئاواز...تد)، پراگماتیك و زیرەکی دەستکرد و زانستی زمانی کۆمپیوتەری دەکەن، بۆیە زاراوەی (لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان) بەکاردەبرێت. پراگماتیك

بواری لێکۆڵینەوەی هاوبەشە لە نێوان هەموو بوارە مەعریفییەکانی تر، کە لە ژێربێژی شیکاری (ژێربێژی زمانی ئاسایی) وەرگرتووە. لێکۆڵینەوە پراگماتیکییەکان مەودایەکی بەرفراوان لە زانستی زمان دادەپۆشێت، زانستی زمان و لۆژیک پێکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها گرنگی بەوە دەدات کردەی گفتوگۆکردن بە تەنها پەیوەست نییە بەپێدراوە زمانییەکان، بەڵکو پەیوەستە بە توخمە لوژیکییەکان و ڕەگەزەکانی ئاخاوتنەوە. هەر بۆیە پراگماتیك ڕەهەندێکی مەعریفی نوێیە، کە باسی بەیەکداچوون و پەیوەندییەکی تەواوکاریی لە نێوان زمان و هەموو زانستەکانی تردەکات.

**4- توانستی کۆمەڵایەتی**

توانستی کۆمەڵایەتی بەگشتی کۆمەڵێک کارامەیی کۆمەڵایەتییە، کە مرۆڤ دەتوانێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەرێنی لەگەڵ دەروروبەردا دروست بکات و بە شێوەیەکی بنیاتنەر لە چوارچێوەی کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو گروپانەی، کە تێیدا دەژی مامەڵە بکات، ئەم کارامەییانە بریتین لە: هاوسۆزی، ڕێکخستنی سۆزداری، هاوکاری، دۆستایەتی، کارامەیی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، لەبەرئەوەی بابەتی توانستی کۆمەڵایەتی پەیوەندی بە بەکارهێنانی توانای تاکەوە هەیە لە هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆیە ئەم بابەتە دەچێتە چوارچێوەی کۆزمانەوانییەوە. (توانستی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پلانی ڕەفتارکردنی تاک لە هەڵوێستێکی دیاریکراودا، ئەو ڕەفتارە پشت بە پاشزەمینە کۆمەڵایەتییەکانی تاک دەبەستێت لە بوارە جیاجیاکاندا. لەبەرئەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی جیاوازە و هەریەکە و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن، بۆیە توانستی کۆمەڵایەتی تاکەکان جیاوازدەبن).**(محەمەد،٢٠١٢: ٢١).** بۆپەیوەندیکردن لە چوارچێوەی کۆمەڵدا، تاک پێویستی بە توانستی کۆمەڵایەتی دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەو پەیوەندییە بدات لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، کە دەیبەستێتەوە بە دەوروبەرەوە، ئەم توانستەش لەبەرئەوەی پەیوەندی بەتاکەوە هەیە بۆیە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر و بەپێی توانای کەسەکان دەگۆڕێت.(توانستی کۆمەڵایەتی هەموو ئەو توانستانە دەگرێتەوە، کە مرۆڤ دەربارەی دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاوەزیدایە و دەیزانێت و لە چوارچێوەی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا فێریان دەبێت و بەکاریاندەهێنێت)**(فەرەج،٢٠١٦: ٧٣).** سورشتی توانستی کۆمەڵایەتی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموونەوە هەیە، چونکە ئەو توانستە لە کۆمەڵەوە و لە ڕێگەی ئەزموونەوە وەردەگیرێت، بەواتایەکی تر مرۆڤ تاوەکو ئەزموونی ژیانی زیاتربێت و بەرکەوتنی لەگەڵ دەوروبەردا زیاتربوبێت و لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا بەشداری کردبێت ئەوا توانستە کۆمەڵایەتییەکەشی زۆرتردەبێت و توانای بەگرخستنیشی بەهێزدەبێت. (توانستی پەیوەندیکردن توانستێکی ناوەکییە و لەمیانەی ئاخاوتندا دەست دەکەوێ و بە بەردەوامی لەگۆڕاندایە بەگوێرەی ئەزموونی گشتی تاکەکەس و ئاخێوەر, کە بەردەوام لەکاتی گفتووگۆکردن لەگەڵ کەسانی تر, چەند توانستێکی پەیوەندیکردن بۆخۆی دابین دەکات)**(حسین،٢٠١٢: ٢٥).** بۆنموونە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە, بەڵام لە هەر کۆمەڵگایەك بە پێی دابونەریتی ئەو کۆمەڵگایە ڕێوڕەسمی تایبەت بەخۆیان هەیە و ئەنجامدەدرێت. توانستی کۆمەڵایەتی، کە بەشێکە لە توانستی پەیوەندیکردن دەچێتە چوارچێوەی زانستی کۆزمانەوانییەوە، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندی ڕاستەخۆی بە کردە قسەییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانی نیشانە پراگماتیکیەکانەوە هەیە و وەکو بابەتێکی گرنگی پراگماتیک سەیردەکرێت.

**5- توانستی ئاوەزی(ملكة) و جۆرەكانی**

مرۆڤ توانایەکی ئاوەزیی هەیە، کە لە بوونەوەرەکانی تردا نییە، ئەوەی تێبینی دەکرێت مرۆڤەکان توانای پێکهێنانی وشەی جیاوازیان هەیە، کە لە ڕێگەیەوە وشەکان بە شێوەیەکی ڕێک کۆدەکرێتنەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە هیچ ئاژەڵێک ناتوانێت ئەوکارە ئەنجامبدات سەرەڕای ئەوەی خاوەنی چەند ئەندامێکی ئاخاوتنە. توانستی ئاوەزیی پێکهاتەیەکی عەقلی مرۆڤە؛ یان پێکهاتەیەکی بایۆلۆژی مرۆڤە، کە هیچ ڕەگەزێکی دیکە هاوبەشی نییە. چۆمسکی پێیوایە ئاوەزی مرۆڤ سیستەمێکی ئاڵۆزە، کە چەندین بەش لەخۆدەگرێت و کارلێک دەکەن، یەکێک لەوانە ئەو بەشەیە، کە پێیدەوترێت توانستی ئاوەزیی. ئەزموون و بیرکردنەوەکانی ئیبن خالدون کە پەیوەندی بە "توانستی زمانەوانی"ەوە هەیە، یەکێکە لە گرنگترین زاراوە زمانەوانییەکان. پێش ئەوەی مامەڵە لەگەڵ پرسی "توانستی زمانی" یان "توانستی ئاوەزیی" بکەین پێویستە بڵێین، کە پرسی بنەڕەتی لە پاراستن و گواستنەوەی زانست و هونەر و زمانەکاندا چەمکی توانستە و هەر لەبەر ئەمەشە ئیبن خالدون دەڵێت: (بەبێ بوونی توانستی ئاوەزیی "ملکە " زانست و لێهاتوویی نە لە تاک و نە لە کۆمەڵگادا ناتوانرێت جێگیر بکرێت و بەکاربهێنرێت تاوەکو ئەم توانستە ئاوەزییە بەدەست نەهێنرێت و هێزی بەسەر ئەو شتەدا ناشکێت، کە دەیەوێت لێی شارەزابێت بۆیە چەمکی توانستی ئاوەزی تەنها پەیوەندی بە فێربوونی زمانەوە نییە، بەڵکو لە گواستنەوە و گەشەی شارستانییەتەکاندا ڕۆڵی بنەڕەتی هەیە)**(صیادی نژاد،١٣٩١: ٢٢٧).**

توانستی زمانی زانیاریی زمانیی قسەکەر و گوێگرە، واتە زانیاری تەواو لەسەر ڕێزمان و یەکە فەرهەنگییەکانی زمانەکەی. توانستی پراگماتیکیش بریتییە لە توانایی بەکارهێنانی

زمــان لەو دەوروبەرەی تێیــدا دەربــڕینەکە دەردەبردرێــت. تێگەیشـتن لە ڕسـتەی پڕاگمـاتیکی لە دەوروبەرە جیاوازەکانـدا دەگەڕێتەوە بۆ توانستە پڕاگماتیکییەکەمان. هەروەها توانستی پڕاگمـاتیکی پشـت بە توانسـتی ئـاوەزیی مـرۆڤ دەبەسـتێت و توانـای پەیوەنـدی کـردن لای بەکارهێنەری زمانی سروشتیی، (سیمۆن دایک) پێنج توانستی ئاوەزی (ملکات) یان (ملکة) (Linguistic Faculty) دیاریدەکات (لەزمانەوانی عارەبیدا لە لایەن (احمد متوکل)ەوە جۆری شەشەمیش زیادیش زیادکراوە و بــوە بە شـــەش جـــۆر)**(مـــحەمەد،٢٠٢١: ١٧٤)** ئەو توانستانەش بەم شێوەیە پۆل دەکرێتن :

١ – توانستی ئاوەزیی لۆژیکی: بەپێی توانای بەکارهێنەری زمانی سروشـتی سـەرەڕای زانیـارییە گەنجینەکراوەکـانی دەتوانێـت زانیــاریی دیــکە وەربگرێــت، بە هــۆی بنەمــا و پرنســیپە لۆژیکییەکانەوە.

٢ – توانستی ئاوەزیی مەعریفی: بەکارهێنەری زمانی سروشتی ئەو زانیـارییە ڕێکخــراوەی هەیەتی وەکـو سـەرمایە لەلایەتی، دەتوانێت لەو دەستەواژە زمانییانە زانیاری بەرهەمبهێنێت و گەنجینەیان بکات هەروەهـا دەتوانێت بەکاریان بهێنێت بۆ لێکدانەوەی دەربڕینە زمانییەکان. **(الشهری،٢٠٠٤: ٥٨).**

٣ – توانستی ئاوەزیی زمانی: توانستی ئاوەزیی زمانی قسەکەر لە ئاستێکدایە دەتوانێت، ڕستە و گوتنێک بەرهەمبهێنێت بۆ ئەو دەوروبەرە شیاوبێت، کە تیایدا بەکاردەهێنێت.

٤ – توانستی ئاوەزیی درککردن: توانای درککردن و پەیبردن بە زانیاری و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەو زانیارییانە لە بەرهەمهێنانی زماندا لە خۆدەگرێت. درککردن و توانای تێگەیشتنە لە واتای شتەکان و زوو وەرگرتنی زانیارییە لەبارەیانەوە و هەڵگرتنیانە لە ئاوەزدا.

٥- توانستی ئاوەزیی کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرەی توانستی ئاوەزی یارمەتی بەکارهێنەری زمان دەدات، کە چی بڵێت و لە کوێدا و لە چی دەوروبەرێکدا بیڵێت و بۆ کێی بڵێت.پەیوەندیکردن بە کەسی دیاریکرا و بە پێی دەوروبەری دیاریکراو.

٦ – توانستی ئاوەزیی داهێنانکارانە: کۆمەڵێک توانای ئەدەبین، یارمەتی قسەکەر دەدەن لە بەرهەمهێنانی گوتاری داهێنانکارانە **(مـــحەمەد،٢٠٢١: ١٧٤).** توانســـتە ئاوەزییەکـــان لەگەڵ قاڵبەکانـدا کارلێک دەکەن (سـیمۆن دیـک) نمـونەی پێـوانەیی دەخاەڕوو، کە بریتییە لە ئاخێوەر، وەرگر و شوێنی گوتار.

## پاری دووەم : پڕاگماتیکی کردەی قسەیی

لـەم پـارەدا پێـنج جـۆر کـردەی قسـەییمان هـەڵبژاردووە و و هەوڵدەدەین شیکردنەوەیەکی پراگماتیکییان بۆ بکەین:

**١- کـــردەی نواندن/وەســـفکردن Representatives**: ئەو جـۆرە کردەقسـەییانەن، کە قسـەکەر لە ڕێیـانەوە جیهـان بەو جۆرەی هەیە یان قسـەکەر خۆی باوەڕی پێیەتی پیشاندەدات، ڕاسـتی و ناڕاسـتی لە دەربڕینەکانـدا نـابن بە مەرج بۆ ئەم جـۆرە لەکـردەی قسـەیی(ئەوگـروپەن، کە دۆخێـک یـان حاڵەتێـک دەنـوێنن، واتە دۆخێـک دەخەنەڕوو ئێـتر ڕاسـت بێـت یـان ناڕاسـت نـابێتە گرفـت بـۆ پـۆلێنکردنەکە)**(مـحەمەد،٢٠١٢: ٩٧).** لەم جـۆرەدا گـوتنی ڕاسـتی، پشتڕاسـتکردنەوە، ئەنجام، وەسـفکردن دەخـرێتەڕوو. واتـای پڕاگمـاتیکی دەربڕاوەکانیش بە پێی دەوروبەرە جیاوازەکان لێکدەدرێتەوە و دەکرێت چەندین مەبەستی جیاجیا بگەیەنێت.

**نمونەی(٢)**

**زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە.**

٢- **کـــردەی بڕیـــاردان Directives** :ئەوجـــۆرە دەربڕینـــانە دەگـرێتەوە، کە پەیوەنـدی بە توانـا و لێهـاتوویی و پسـپۆڕی قسـەکەرەوە هەبێت. وەك (بڕیاردانی یاسایی، پایە بەخشـین، هەڵسـەنگاندن، هەڵـبژاردن، دانپیانـان) **(توفیـق،١٩٩٥: ٥٣).**

**نمونەی(٣)**

**بڕیارمــــدا، کۆتــــایی بە کۆبــــونەوەکە بهێــــنم.**

لەم ڕسـتەیەدا کـردەی بڕیـاردان دەبینرێـت. بەڵام دەبێـت تێبیـنی ئەوە بکرێـت ئایـا کەسی قسـەکەر و بڕیـاردەر ئەو دەسـەڵاتەی هەیە ؟ ئەگەر لە لایەن کەسـێکی ئاسـاییەوە ئەم ڕستەیە بووترێت، ئەوا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت، گومان لە ڕاسـتی ئەنجامـدانی کـارەکە دەکرێـت، چـونکە بە جێهێنـانی کـردارەکە لە توانـای ئەوکەسـەدا نـیيە، بەڵام ئەگەر کەسی قسەکەر خاوەن بڕیار بێت، ئەوا دەبێت بە کەسی جێبەجێکار، بـۆ ئەنجامــدانی بڕیـارەکە. ڕاسـتگۆیی لە بڕیاردانــدا، مەرجی ئەنجامدانی کارەکەیە.

٣- **کـردەی پابەنـدبوون commissives** : ئەوکـردانە دەگرێتەوە، کە قسـەکەر بەڵێنـێکی ڕەفتـاری دیـاریکراو بـدات. خۆی ئامادە دەکات بۆ چالاکییەك، کە لە ئایندەدا جێبەجێی دەکات. ئەوکردەیەی دەریدەبڕێت مەبەستی سەرەکی قسەکەرە پەیوەست دەبێت بە کارەکەوە وەك بەڵێن، سوێند، پابەندبوون بە شتێك، هەڕەشەکردن) **(یول،٢٠١٦: ٩٤)** ئەم کردەیە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە قسەکەر و گوێگرەوە هەیە، مەرجی دڵسۆزی و ڕاستگۆیی بەشێکی گرنگە بۆ بەجێگەیاندنی کردەکە. نمونە:

**نمونەی (٤)**

**بەڵێنــت پێــدەدەم، کە کتێــبەکەت بــۆ بگەڕێــنمەوە.**

کردەی بەڵێندانەکەیە دەبێت کاری ڕانەبردووبێت، چونکە ئەم کردەیە هەمیشە دوای قسەکردن ئەنجامدەدرێت. کردەی بەڵێنـدان بـریتییە لەوکـردەیەی، کە قسـەکەر بەڵێنـدەدات بە ئەنجامـدانی کـارێکی دیـاریکراو. کـاریگەری بەڵێنـدان بۆگـوێگر هۆکارێکە بۆ ئەوەی، ئەو بڕوایەی لا دروستبێت، کە قسەکەر هەڵدەســـــــتێت بە ئەنجامـــــــــدانی کـــــــــارەکە.

**٤- کردەی هەست دەربڕین Expressives** : ئەو کارانە دەگرێتەوە، کە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنرێن. ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان دەنوێنێن. قسەکەر هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر ڕەفتاری، کەسانی تر. ئەم جۆرە دەربڕینانەهەستەکانی قسەکەر پیشاندەدەن وەك(حەزکردن، ڕق لێبوونەوە، پیرۆزبایی، سوپاسگوزاری، پۆزشهێنانەوە، . . . هتد).

**نمونەی (٥) پیرۆزباییت لێدەکەم.**

**نمونەی (٦) زۆر سوپاس بۆ هاوکاریەکەتان.**

کردەی گفتوگۆ ئەو جۆرە کارانە دەگرێتەوە، کە قسەکەر لەکاتی گفتوگۆکردندا بەکاریان دەهێنێت بۆ ڕوونکردنەوەی باری دەربڕینەکە و مەبەستی قسەکەر، دەربڕینی هەڵوێستێك یان هەستێك یان بارێکی دەروونییە. مەرجی دڵسۆزی یەکێکە لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە کردەیە. **(تۆفیق،١٩٩٥: ٥٤)** قسەکەر ئەم جۆرە کردانە بەکاردەهێنێت بۆ مەبەستی نیشاندانی بۆچونەکانی لەکاتی قسەکردندا.

**٥- ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە Declaratives** :بۆ ڕاگەیاندنی بارودۆخێک بەکاردێت، لەم جۆرەدا قسەکەر بارودۆخێکی نوێ بە گوێگر ڕادەگەیەنێت. لێرەدا مەرجە قسەکەر توانای ئەنجامدانی ئەو کارەی هەبێت، کە ڕایدەگەنێت.(هەموو ئەو کردارانە دەگرێتەوە، کە وتن و واقیع یەکدەخەن، واتە قسەکە لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێت و کردە و وتنەکە بەرانبەر دەبن). **(محەمەد،٢٠١٢: ٩٧).**

**نمونەی (٧) لەم ساتەوە ئێوە بە ژن و مێردی یەکتر دادەنێم.**

**نمونەی (٨) دەستپێکردنی جەنگ ڕادەگەیەنم.**

بۆ ئەنجامدانی کردەکانی ڕاگەیاندن پێویستە باردودۆخ و شوێن و بۆنەکان بۆ گوتنیان گونجاوبن(بۆنەی مارەبڕین و شوێنی دادگا) یان ساتی ڕاگەیاندنی جەنگ وەک نمونەکانی (٧) و (٨).

## ئەنجامەکان

1- پێش نواندی فۆرمە فۆنەتیکی و لۆجیکییەکان، گوتنەکان خاوەنی نواندنێکی ناوەکین، ئەو جۆرەی نواندن ئەبستراکتە و لە ئاوەزدا ڕوودەدات، ئەویش لەئەنجامی بەدەستهێنانەوەی کۆدە زمانییە گەنجکراوەکان لە ئاوەزدا و گونجاندنیان لەگەڵ دەوروبەری پەیوەندیکردن دەبێت، ئینجا نواندیان بەشێوەی فیزیکی لە شێوەی دەربڕین و ئاخاوتندا .

2- بوارێکی چالاکی پراگماتیك و دەربڕینی پراگماتیکی کردە قسەییەکانە، فۆرمە زمانی و نازمانییەکانی هەڵگری کردەی قسەیی زۆرجار بەمەبەستی گەیاندنی واتای پراگماتیکی بەکاردەهینرێن . کردەکانی بڕیاردان. بەڵێندان ، هەستدەربڕین، داواکردن ، گەیاندن ... لەو کردەقسەییانەن کە توانای گەیاندنی مەبەستی پراگماتیکییان بەپێی دەوروبەرەکان هەیە.

3- سەرچاوەیەکی سەرەکیی نواندنە پراگماتیکییەکانی کردە قسەییەکان کۆزانینی تاکە، کە سەرچاوەی زانیاری و دونیابینی و ئەزموون و شارەزایی تاکەکانە و لە ئاوەزیاندا گەنجکراون . بەمەش خالی هاوبەش و یەکگرتنەوەی پراگماتیك و کۆزانیاری کارکردنە لە ئاوەزدا .

4- زانایانی بواری تیۆری کردەقسەییەکان لەوانە (سیرل ، گرایس) زۆر جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان پراگماتیك و مەعریفە دەکەنەوە و وایبۆدەچن، کە ئەو مەرجانەی دەبێت لە پراگماتیکدا جێبەجێ بکرێن لە زانستە مەعریفیەکاندا جێگیر دەکرێن، هەربۆیە پراگماتیک وەک تیۆرێک وەسف دەکەن، کە گرنگی بە لێکدانەوەی ئاخاوتنەکان دەدات، ئەمیش پرۆسەیەکی ئاوەزییە، لەبەر ئەم هۆکارەیە دەکەوێتە ناو زانستە مەعریفیەکانەوە.

## سەرچاوەکان


1. ئیسماعیل، شیلان ئەحمەد (٢٠١٥)، تێکردە بیرییکان لە پەیکاڵبوونی فۆرم و واتادا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
2. توفیق، قەیس کاکل (١٩٩٥)، جۆرەکانی ڕستە و تیۆری کردە قسەییەکان، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی سەڵاحەدین ، هەولێر.
3. حسین، بێری یاسین (٢٠١٢)، هەندێ لایەنی پراگماتیکی فراوان (ماکرۆپراگماتیک) لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین، کۆلێژی پەروەردە .بەشە مرۆڤایەتییەکان، هەولێر.
4. ڕەسول، بابا ڕەسول نوری (٢٠١٣)، شیکردنەوەی دەق (نوکتە بەنمونە)، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.
5. سەعید، سازان زاهیر (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردییدا، ، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
6. غەریب، دلشاد محەمەد (٢٠١٩)، هێز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
7. فتاح، مجد معروف (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
8. فەرەج، ترێفە محەمەد (٢٠١٦)، دروستەی ڕستەی مەرج لە زمانی کوردیدا (لێکدانەوەیەکی واتایی)، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.
9. فتح الله، محمود و حەسەن، نەریمان (٢٠١٧)، پەیڕەو و بنەما سێمانتیکییەکانی درکپێکردن، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ساڵی چوارەم، ژمارە (١١).
10. قادر، سەباح ڕەشید (٢٠٠٩)، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە(GB) لە زمانی کوردییدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
11. محەمەد، بژوێن یەحیا (٢٠١٦)، نواندنی فەرهەنگیی لە زمانی کوردییدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.
12. محەمەد، دارا حەمید (٢٠١٢)، شیکاری ڕستەی ئاڵۆز لە ڕوانگەی پراگماتیکەوە، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

13. محەمەد، دارا حەمید (٢٠٢١)، سینتاکسی ئەرکی و شیکاری گوتار لە زمانی کوردیدا گوتاری ڕاگەیاندن بە نمونە، گۆڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز، پ. ١٠، ژ ٢.
14. محەمەد، دارا حەمید (٢٠٢٢)، نیرۆ پراگماتیک، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان.
15. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٣)، نواندنی زانیارییە ڕێگاکیەکان و دروستەی فۆرمەگۆڕاوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ٣٨.
16. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٤)، زانیاریی زمانیی و پێڕەوی نیشانەکردن لە زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B)، ژمارە ٤٥.
17. مەعروف، عەبدولجەبار مستەفا (٢٠١٦)، پارامێتەری سەری ڕێزمانی لە زمانی کوردی و فارسیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی ٣ ، ژمارە ٤ .
18. ناوخۆش، سەلام (٢٠١٠)، پوختەیەك دەربارەی زماننـاسی، چـاپی یەکەم، چاپخانەی کاروان، هەولێر.
19. یول، جۆرج (٢٠١٦)، مەبەستناسی(پراگماتیک)، و/ ڕەحیم سورخی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، ناوەندی توێژینەوەی ئەدەبی عەبدولڕەحمان زەبیحی.
20. احمد، عطية سليمان (٢٠٢٠)، فی اللسانيات العصبية التداولية العصبية، الاكاديمية الحديثة للكتاب الجامعی، القاهرة، مصر.
21. البعلبكي، منير(2006) المورد،
22. 3-الشهری، عبدالهادی بن ظافر (٢٠٠٤)، استراتيجيات الخطاب . مقاربه لغويه تداوليه، دار الكتب الجديد المتحده، ليبيا.
23. دی, سوسور،فردیناند(1986) علم اللغة العام، ترجمة مجيد الماشطة, جامعة الموصل .
24. 3-روبول، أن و موشلار، جاك (٢٠٠٣)، التداولية اليوم علم جديد فی التواصل، ترجمة/ سيف الدين دغفوس و محمد الشيبانی، المنظمة العربية للترجمة، ط١.
25. صیادی نژاد، روح الله (١٣٩١)، نقد و بررسی توانش زبانی از دیدگاه ابن خلدون، فصلنامه جستارهای زبانی، د٤ ، ش٢ .
26. Crystal . D ( 2008). Dictionary of Linguistics and Phonetics , BlackwellOxford. London .
27. 2- Portugali J (1996b) Inter-representation networks and cognitive maps. In: Portugali J (ed) The construction of Cognitive Maps. Dordrecht: Kluwer Academic.
28. Levinson. S. C. (1997) ،Prigmitics ،Cambridge University Press: Cambridge.
29. https://www.etymonline.com/word/represent?ref=etymonline_crossreference#etymonline_v_12849